ڕوونکردنەوەی هەقیقەت وڕاستی دەوڵەمەندی وئاموژگاری کردن بە ڕازی بوون بەو بەشەی خوای گەورە بەخشیوویەتی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دەوڵەمەندی بە زۆری ماڵ وسامان نییە، بەڵکو دەوڵەمەندی (ڕاستەقینە) بریتیە لە دەوڵەمەندی دڵ ودەروون (دەوڵەمەندی نەفس)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرمووەیەدا هەقیقەتی دەوڵەمەندی ڕوونەکاتەوە ئەویش ئەوەیە دەوڵەمەندی بە زۆری ماڵ وسامان نییە، بەڵکو دەوڵەمەندی ڕاستەقینە بریتیە لە دەوڵەمەندی نەفس ودەروونی مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ قەناعەتی هەبوو بەوەی خودا پێی بەخشیووە وچاوی لە ژیانی خەڵکی تر نەبوو بۆئەوەی وەکو ئەوان خۆی ماندوو بکات وسامانی زیاتر بەدەست بهێنێت؛ ئەوا لە دەوڵەمەندترینی مرۆڤەکان دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3852